# نامۆبوون، بە مانایەکی دی

**عەشق وتێکستی  گۆرانی ( برۆن برۆن ) ی**
**بڵند و چەند ئاهێك و قسەیەك..**

**هۆشەنگ شێخ محەمەد**
19/1/2006

**لە لاپەڕە (7) ی ژمارە (3)ی ( گەنج لاند ) دا ، کەلاپەڕەیەکی جوان و قەشەنگە و بە وێنەی کچ و کوڕە گەنجەکانی کورد رازابۆوە، لەوانەش بابەتی ( بڵنددەنگێکی نامۆ،نامۆ بەو مانایە نا کە نەشیاو بێت، بەومانایەی کە وێنا ناکرێت ) لەگەڵ وێنەیەکی جوانیگۆرانیبێژ و مۆزیکژەن بڵند بلأوکرابۆوە، کە هانیدام ئەم سەرنجە بچووکە لێرەدا تۆمار بکەم .**
**بڵند سەرەرای جوانییە فیزیکییەی هەم دەنگیشی خۆشە و هەم لە مۆزیکیشدا زیرەکە و بە تایبەتمەندییەکانیشی وایکردووە ژمارەیەکی زۆری گەنجان و خەڵکی خۆشیان بوێ، کە بە هەقیش شایانی هەموو خۆشەویستییەکە وەك هەمووهونەرمەندانی کورد شایانی ئەو خۆشەویستییەن.**
**تەنیا سەرنجی من ئەوەیە بڵند لە دوا کاسێتیدا و بە گۆرانی ( برۆن برۆن ) پانتاییەکی باشی لە گوێگرتنیمۆزیکی کوردیدا و لەو کاسێتەیدا گرت، کە گۆرانییەکەش لەشعری ( سەرکەوت رەسولە .**
**گۆرانییەکە پێویست بوو کە باس لە خیانەتی دووکەس بکات بەرامبەر بە کەسایەتی _ گۆرانیبێژ _ کە لەو گۆرانییەدا گوتاری خۆی ئاراستەی ئەو دووکەسە ئەکات، کە یەکیان کچەخۆشەویستییەتی ئەویدیکەشیان کوڕێکی برادەرییەتی، من لێرەدا ئەوەندە گلەیی لە سەرکەوت رەسوول ناکەم کە بۆچی بەم شێوەیە باس لە ئەزموونێکی عەشق ئەکات و لە چ رەوشێکی تایبەت بە خۆی یان رەوشێکی گشتی سەر بە گەنجی کورد ئەو تێکستەی کردۆتە بەرهەم.**
**لێ من ئەگەر گلەییەکم هەبێت ئاراستەی بڵندی هونەرمەندی ئەکەم کە بۆچی تێکستێکی ئاوا ئەکاتە گۆرانی؟ سەرنجی من لەسەر تێکستەکە ئەوەیە کە دەقێکە تەواو دوور و نامۆیە بە دونیای خۆشەویستی، تەواو بێ ئاگایە لە هەر لێکدانەوەیکی عەقلأنیانە و تەنانەت سۆزدارییانە ومیهرەبانانەی مرۆڤانە بۆ عەشق و رەهابوون لە دونیای ئەڤیندا، تێکستەکە ئەوەندە بە دڵرەقی باس لە دڵداری ئەکات وەك ئەوەی ( خیانەت ) چەمکێك بێت بکارێت لە هەناوی عەشقدا خۆی مومارەسە و نمایش بکات، من بڕوام وایە ئەو تێکستەش وەك هەزاران تێکستی دیکەی بێ روح و گیانی خۆشەویستی کوردیی ، باس لە چەمکێك ئەکات کە نەیانتوانیوە نەوەك بچێتە قولأیی بەڵکو لەکەناریشیدا بوەستێ، من گلەییم لەوەیە کە چیرۆکی نێوان هەر دوو کەس یان سێ کەس بەناوی خۆشەویستییەوە بکرێتە چیرۆکی ( خیانەت و بێوەفایی و روورەشی و لێنەبووردن و دۆڕان و تۆران و**
**پەشیمانی و قبوڵنەکردنی یەکدی .**
**وشەکانی ئەم تێکستە ئەوەندە دڵڕەقن و بە شێوەیەکی ئەوەندە ترسناکانە وێنای خۆشەویستییەك ئەکەن کە ئەبێتە بێ میهرەبانیترین چیرۆك و ئازمایشی کۆمەڵە مرۆڤێك کە بەیەکەوە یەك دونیا لە رق و دڵرەقی بەرهەم ئەهێنن.**

من به راشكاوانه ئەوه ئەڵێم من بڕوام  به غەدر وخیانەت و بێ وەفایی و رق و كینه نیه له خۆشەویستیدا ، من بڕوام بەهیچ تێگەیشتنێكی نێگەتیفانه و هیچ چەمكێكی سلبیانه نیه له خۆشەویستیدا بەرهەم بهێنرێت.

ئەو چەمكانەی ئەو گۆرانییەش باسیان ئەكات  تێگەیشتنێكن له هەناوی ئەو چیرۆكانەوه ئەزێن كه نەگەیشتوونەته ئاستیخۆشەویستی و عەشق و دڵداری. ئەو چیرۆكانەن كه نەیانتوانیوه عەشق وەك بەشێك له عەقڵ و بەشێك له سۆزی دڵ و بەشێك له جەسته و بەشێك له گیان و خەیاڵ وفانتازیاكانی مرۆڤەوه قبوڵ بكەن و وەربگرن .ئەو تێكستانه .. ئەو گۆرانیانه دەربڕینێكی زۆر رووكەشیانەی هەستێكن كه نامۆن به مانا قوڵەكانیخۆشەویستی و وەفا و هەقیقەتی پەیوەندییەكانی نێوان رەگەزی نێر و مێ .. نێوان كچ و كوڕ .. نێوان ژن و پیاو و نێوان مرۆڤەكان به گشتی، ئەو تێكستانه ئاماژه و نیشانەی ئەو تێگەتشتنەن كه تێكستی كوردی چەنده دەستەوەستانه له ئاست تێگەیشتن له پەیوەندییەكی عاقڵانه و میهرەبانانەی نێوان رەگەزەكانی و چەند دەستەوەستانه له پەی بردن به مانا و نهێنییه جوانەكانی ئەو پەیوەندییانه.

تێكستی كوردی چەندین ساڵه گیرۆدەی ئەو گرێ و گۆڵانەیه كه تاكی كورد دوور له خۆشەویستی و چیرۆكی عەشقەكاندا دێت  و بەسەر ئەو ئەزموونانەدا ئەیكاته ماڵ و ئەیكاته پێناسه و ناسنامه بۆیان.

تێنەگەیشتنی پیاو له ژن و ژن له پیاو و بەتایبەتی له سەردەمی گەنجییەتیدا.. ئەو تێكستانەمان بۆ بەرئەهەم ئەهێنێت و وێنەی ئەكات كه كچە گەنجەكان بێ وەفان و برادەرانمان خیانەتكار و چیرۆكی ئێمەش پێكەوه..

چیرۆكێكه بێ میهرەبانی و سۆز و ئەوین .تێكستانێك دێن و بەو پەڕی ئازادییەوه بەناوی خۆشەویستی پەره به چەمكی رق و لێنەبووردن ئەدەن وئەزموونی دوو كەس و سێ كەسیش وەك  شەڕێكی بچووككراوەی ناوخۆی كوردستان نیشان ئەدەن كه ناتوانین لەو چیرۆكانەوه ئاهێك هەڵكێشین و بەدیار وێنەكانییەوه ئارامییەك به هەناو و مێشكمانەوه ببەخشین.

تێكستانێك چەندین سەدەیه وەك رووباری رك، ئەڕژێنه ناو ئەدەبیات و لەوێشەوه بۆ ناو هونەر و بۆ ناوتەلەفیزیۆن وماڵەكان و دڵەكان و دەماغەكانەوه و ئەیكەنه  بڕوایەك كه گەنجانمان هەڵیگرن و مومارەسەیژیانیشی پێ بكەن.

من ئەو گەنجانەم پێ جوانن .. سەركەوت جوانه .. بڵند جوانه.. لێ ئەو بەرهەمانه تەعبیر لەو جوانییه رۆحییه ناكەن كه پێویسته ئێمه تێكست و گۆرانییەكانی خۆمانیپێ تژی كەین. كه پێویسته ئێمه ماڵ و باخەكانی كۆلیژ و هۆڵەكانی خوێندن و كتێبی گەنجەكانی پێ رەنگاو رەنگ كەین.

پێویسته ئێمه ئەوەنده سووك و سانا به مرۆڤ نەڵێین خاین .. ئەوەنده بێ باكانه له گەورەیی مرۆڤ  نەڵێین پێستی رووت رەشه و ئەكرێته كەوشی عەشق..، ئەبێت تێبگەین عەشق نه پێویستی به كەوش و نه رووی عاشقانه تا له پێشیان بكات..، چونكه هەر مرۆڤه خوڵقێنەری داستانەكانی عەشق و چیرۆكه له بن نەهاتووەكانی خۆشەویستی و میهرەبانی.

ئەبێت لەو تێكستانەدا ئێمه بۆ سەروەری مرۆڤ وبالاكردنی بگەڕێین ، چونكه ئەوانه باس له پەیوەندی عاشقانه ئەكەن و عەشقیش ناكرێت ببێته هەوێنی خیانەت و دۆڕان و ماڵوێرانی.

نەخێر ، ئەو چەمكه دڵرەقانه ئەكرێت له هەناوی شەڕ وكارەساتەكاندا درك پێ بكەین، بەلام ناكرێت له ئەزموونەكانی خۆشەویستیدا بدۆزرێنەوه. ئەگەر هەركەسێكیش له ئەزموونێكی بەناو عەشقدا شتێكی وەك ئەوتێكستەی هێنایه بەرهەم.. ئەوا ئەبێت به جۆرێك لەجۆرەكان گومان له پێناسەی ئەزموونەكەی بكات و دڵنیا نەبێت كه ئەو ئەزموونەكەی عەشق بووه، هەروەك ئەبێت چۆن ئێمه گومان لەو تێكسته بكەین كه رەنگه له ئەزموونێكدا بەرهەم هاتبێت

فڕی بەسەر عەشقەوە نەبێت.. و بە چ بارێکیش نەتوانێت عەشق بکاتە ئەو ناشیرینیە .ناشیرینکردنی عەشق لە تێکستی کوردیدا دیرۆکێکی دوور و
درێژی هەیە هەر لە بەیتەکانی کوردیدا وەك لاس و خەزال ومەم و زین و ناسر و مال مال و دەیان بەیتی دی ، تا ئەگاتە شعرە نوێکانی وەك پەشێو و چیرۆکەکانی شێرزادحەسەن و گۆرانییەکانی زەکەریا و بڵند و تێکستەکانی سەرکەوت ڕەسوڵ و دەیان ئەزموونی دیکەی شعری و هونەری وئەدەبی.
کە بەداخەوە هەر هەموویان پێکەوە ئەزموونێك ئەخوڵقێنن کە ئێمە پێمان وابێت لە عەشقدا ( خیانەت
هەیە ، بێ میهرەبانی هەیە، دۆڕان هەیە، لێنەبووردن هەیە، بێ وەفایی هەیە و دەیان چەمکی دیکەی نێگەتیڤانە. تێگەیشتن لە عەشق کە لە دین و کلتوور و هونەر و ژیان وچارەنووسی ئێمەدا جێی گرتووە، بە خراپترین شێوە وێنەکرا وە و هەر هەموو چەمکەکانی دیکەش تا ئێستا بە شێوەیەك لە شێوەکان بە مشەوەهی باسیان لەو چەمکە کردووە و بەدەیان دەرهاویشتەی نامۆ بە عەشقیان کردۆتە
بەرهەمی ئەو چەمکە، لە دیندا عەشق وێنەیەکی تایبەتی وەرئەگرێت و عەشق ئەکرێتە پەیوەندییەك لە نێوان مرۆڤ و خوادا، ئەبێتە پەیوەندییەك کە لە هەمووشتێك ئەگەڕێت و لەمرۆڤ ناگەڕێت، هەموو سەروەری و سەرکەوتنەکان ئەگێڕێتەوە بۆ بوونی سەروەر نەوەك بۆ مرۆڤ، عەشق لە دیندا گەڕانە
بەدوای عەشقی خوا و خودا خۆیدا، نەوەك مرۆڤ .لە ئەدەبیاتی کلاسیك و بەیتە کوردییە کۆنەکاندا و
تەنانەت نوێکانیش کە زۆر بارگاوین بەو دیدە غەیبانییەی دین بۆ عەشق ، دیسان ئەو دیدە دینییە پەڕیوەتەوە ناوئەدەبیش و وایکردووە هەر بۆ نموونە هونەرمەندێکی گەورەی وەك عەدنان کەریم لەگۆرانییەکیدا_ ئەگەر هەڵە نەبم_
بڵێت:
( پەچەت لادە ببینم رووت خۆ من سەیری تۆ ناکەم
لە رووی تۆ تێدەگەم خوا چلۆن نەخشی ئەنەخشێنی)

واتە کە تەماشای رووی یار ئەکات نایەوێ بزانێت یارە مرۆڤەکەی چەند جوانە، بەڵکو ئەیوێ لە سحری دەسترەنگینی خوا بگات، واتە ئەو لە جوانی مرۆڤدا لەجوانی خودا ئەگەڕێت ، لێرەیە کە مرۆڤ لەو عەشقانەدا وەك سۆفییەکان ئەبێتە تەنیا رەمزێك بۆ جوانی و نور ودەست رەنگینی پەروەردگار نەوەك خۆی.
ئیدی ئەو دیدە غەیبانیە لە ناو ئەدەبی کوردیدا بە هەزاران ساڵە خۆی نمایش ئەکات و ئەدەبیاتی کوردی وەها گیرۆدەی بووە کە زۆر زەحمەتە بتوانێت بە ئاسانی دەستبەرداریيان بێت.
تا وای لێهاتووە ئەم چەمکە نێگەتیفانەی نامۆ بە خودی عەشق و عاشقەکان بوونەتە بەرهەمی ئەوەندە ئاسایی کە ئێمە بێ گومان و بێ لێپرسینەوە و لەسەر وەستانیان یەکسەر قبوڵیان بکەین.
بۆیە ئەو تێکستانە ئەبینین بێ دوو دڵی گەنجان و خەڵکی پێ سەرسام ئەبن و وەك سمبۆلێکیش بۆ خۆشەویستی و ئەزموونە بایەخدار و پڕمانا جوانەکانی مرۆڤ وەریان ئەگرن. و دواییش دەیان چەمکی نامرۆڤانەی لێ بەرهەم ئەهێنن و بڕوا ئەکەن، ئەوە عەشقە ماڵی ئەوان خراپ ئەکات نەوەك ئەو تێکستانە، بڕوا ئەکەن کە ئەوە روحی خۆشەویستییە ئەوان وێران ئەکات، نەوەك ئەو دیدە غەیبانییەی کە هونەرمەند و تێکستنووسەکانی ئێمە چاوی ئێمەی پێ ئەنووقێنن.
وا ئەزانن ئەوە دڵدارییە حەیایان ئەبات و سووك وریسوایان ئەکات نەوەك ئەو وشانەی کە لە کەلتوورێکەوە دێن ئاشنایە بە زۆر شت و نامۆیە بە مرۆڤ. وا ئەزانن ئەوە ئەویندارییە ئەزموونەکانیان پڕ ئەکات لە درۆ و بێ وەفایی ، نەوەك قسەی ئەو

شاعیرانەی تا سەر ئێسقان نامۆن بە عەشق و خۆشەویستی و دڵداری و ئەویندارى و تەنانەت حەز حەزۆکانێی سەردەمی منداڵی و گەمە خۆشەکانی بووك وزاوایەتی بەردەرگەی ماڵ و کۆڵانەکان.

لە خۆم غەریب .. کە ئەبینم تێکستێکی دڵرەق ئەتوانێت هەزاران گەنج لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و فێرە گوتارێکی وایان بکات کە نەتوانین بەو گوتارەوە مانا جوانەکانی نێوان من و دەسگیرانەکەم.. نێوان من و ژنەکەم.. نێوان من و خوشکەکەم .. نێوان من و برادەرەکەم ئاشکرا بکات.

غەریب لە خۆم کە گوتارێکی غەیبانی دێت و باس لە حەساسترین پنتی مرۆڤایەتی بە ئەو پەڕی یەقینەوە ئەکات وپێم ئەڵێت ..

ئای غەریب خۆت .. تۆ عاشق نابیت..

ئەگەر عاشقیش بوویت ئەوە ماڵوێران ودڵ کاول ئەبیت..

خیانەتت لێ ئەکرێت و بێ وەفاییت نیشان ئەدرێت..

غەریب لە خۆم کە من و ئەزموونە جوانەکانم ئەبمە قوربانی ئەو تێکستانەی کە نامۆن تا سەر ئێسقان و خانە خانەی خۆیان .. بە عەشق و خۆشەویستی.. تا قەتەرە قەترەی وشە. . غەریبن بە ئەزموونە مرۆڤایەتییە گەورەکانی دوو گچکەترین عاشقی سووتاو لەو وڵاتەی کە زوو زوو یان ئەکوژرێن یان ئاگر لە خۆیان بەرئەدەن.

غەریب لە خۆم و لە گەنجە جوانەکانی وڵاتەکەم.. ئاهێکیش بۆ هەموو ئەو عاشقانەی نەوەك بێ وەفا نەبوون ، بەڵکو گیانی خۆشیان فیدای یەکدی کرد..